# نامەیەك بۆ زەكەریای هونەرمەند وەكو خۆی !

**سەردار خۆشناو**

٢٠٠٢/٩/١٣

برای نەتەوە و هاوبیروهەڤاڵی خۆشەویست زەكەریا عەبدوڵڵا . سڵاو، خەرمانەی دڵە چكۆلەكەم، هەگبەی حەزی پڕاوپڕی پەیڤن، ترسی ئارەزوو نازانێ كامەی پێش كامەی بخات. . خۆزگە بەو ئەقڵەی بیرژێتە سەر هەستم لەخەیاڵ دەگەڵت نەدوێم بۆیە لەنێوان دیوانێك هۆزان بەو ئاخاوتنە هونەرییە دەگەڵت دیمە دوان:

زێڕ بەڵایە بێ وەفایە دەوڵەمەند هەر هونەر نەمرە هونەر و رەند و مەند

براكەم:

بۆ درێژەی سەرەتا و و پێشەكی ئاخاوتنم دبێژم من و تۆ:

(دووخەسڵەتی وەك یەكی دنیایەك جیاوازی لەیەك چوو كۆمان دەكاتەوە!!)

- زەكەریا: سۆزی دەنگی، ئەو مرۆڤانە دەگریان دێنێ كە مانای ئەڤینی دەزانن و بە پیرۆزی سەیری دەكەن.
- سەردار: سۆزی دەنگی، ئەو مرۆڤانە دەگریان دێنێ لەپێناو ئەڤینی ئەڤینداران گیانیان بەخشی.

خۆ تۆ چاك دەزانی پێنووس چەند بچووكە و پەڕاوی عاشقان بە نزای دڵدار مل كەچی دەنوێنێ، رەحمی دایك چەند بچووكە و جیهان پانتاییەكەی فریای سۆزی ناكەوێ، چوار دیوار و ئاسمان و ئەستێرە و مانگی یەك شەوەی وڵاتێكی بێ نازی پڕحەسرەت و هەناسەی تاساوی قوڕگی كوڕە لاوانی بەش مەینەت، بەدیار سات بەساتی دەستی دژە زوڵم و دژانی هونەر و دنیای هونەرمەندان پەیامێكی پێیە، لەكوچەی دیوەخانی كوردینی كوردەواریم، لە پیرە هەولێر بە چواردەوری قەڵای تۆز تۆز داڕماو و تۆزاوییەكەم و ومنارە لارە بێ نازەكەی چۆڵی و مزگەوتی بێ شێخ و كڵێسای بێ قەشە و تەكیەی بێ مورید و دێرەكانی بێ رەبەن و ڕاهیبە و لەوێشەوە سڵاو بۆئاگری بابەگوڕگوڕ بسێنمەوەو كەركوكی دڵی كوردستان وەكو میدالیا ناوی پیرۆزی بكەمە گەردن و بۆ پیاسەیەكی دەمو ئێوارانی سەرچناروسەهۆڵەكەش شاری هەڵمەت وقوربانی لەباوەش بگرم، هەر لەوێشەوە دهۆكا رەنگینا داسنیا ودەلال لەگەردەی خەوی سپێدە هۆشیاربكەمەوەو برینی بەكولی دوێنی زاخۆی پرا دەلال سارێژ بكەم و سڵاویان تێكەڵاوی مەهابادی كۆماری ساواو لەبۆكانیش لەگەڵ دەنگی زیرەكا بچمە سەر ناڵشكێن وێنەی دێرینی دیار بەكرو موش و ماردینت بۆ بەدیاری لەكۆڵ بكەم، ئینجا ئۆغر ئۆغر دێمەوە و دێمەوە بەنێو ئاهی دایكە شەهید و خوشكە بێ براكانی لاشە جێماوەكانی سەنگەرە داڕماوەكانی ڕقی بەعەرەب كردن و ئاواز دزەكانی دوێنێ و ئەمرۆی، ئەمرۆ دیتە، دەگێڕم و لەژێر باڵی كۆترە سپییەكەی بن سیلەی خانووە تۆزاوییە تۆز لێنیشتووەكان، لەنێو وەرزی سەرماو گەرمای گەرمە سێر ودەشتە سەقا بردووەكان، بەدزی لوولەی ڕەشی تفەنگە مرۆ كوژەكان، كفنە زەردەكان و گۆڕە تەنگەكان، بەژێر دارە سەوزەكانی سنەوبەر و بە پەناوپێچی شاخ و بەنێو دۆڵەكان بەرەو ڕووی سۆزی ئەو كوڕە لاوە برا بەشە و شەریكە بەشەی نشتیمانم بنێرم . . .

تۆی كەی دێیتەوە دەست لە ملانێی وەرزەكانی پرنیگای جوانی كوردستانەكەت بكەی و فرمێسكی دایەكانم بسڕیەوە كە بۆ لاشەی پێشمەرگەكەی، ڕەشی بۆ ئەبەدییەت پۆشی. . بێ پێڵاویی و پێ سڕی بەفر بردووی كوڕی شەهیدان بگریە باوەش و هەناسەیان لێ بسەنی و. . بۆ نایێی گەڵای خەزان بۆ خەزان دۆستان بخەیتەوە سەر گۆڕی بێ نازی و بێ ئومێدی ئومێد نەدیو. . براكەم. . دەخەیتە بەرخەیاڵت كەگوڵ و پەپوولە بەیەكەوە جوانن، یا هاوین بەگەرما پاییز بەخەزان، زستان بە نم نمی باران و بەفری سپی و بەهار بە سەوزیی خۆی بنوێنێ. . .

www.kurdistannet.org
26-4-2003 2:13

دەپرسم کە خەیاڵی ڕۆژان و شەوت بەرەو هزری یادگاری هەبوونێك، بەرەو وڵات و وڵات نشینان دەتبا، تۆ چۆن کرنۆش بۆ گەورەی گەوران دەبەی؟! بەچاوت یا ئەقڵ یە بە تەنها دڵێك ئەلبومی یادی ئێرەی منداڵێکی هەژار پەروەردەی گەڕەکە هەژار نشینان هەڵدەدیەوە؟ بەچەپ بۆ دەستی چەپت لە تەمەنت ڕوانیوە، بەڕاستیش هاوکوفەکانت، هاوتەمەنت، ئەسرینت بۆیان ڕشتوە؟، دیوارە درز بردوەکانی هێلانەی هاوسۆزانت پیرۆز ڕاگرتووە؟ دەپرسم جارێکی دی کەی وات بینییوە بەهەڵکەوتیش بێ چرای ئەویٚ لەهی ئێرە بچیٚ!

ئەو بەیانییە زووەی کە هێشتا گەردەی خەوی شیرین لە دەمە پاییزدا، زەقەی چاوی شەوە ڕەشەی پێشووی بیرنەچۆتە، لەو سپێدە شاعیریە پێنووسەکەم ختسەوە نێو پەنجەکانم بۆ ئەوەی بە جوانان بڵێم جوانترن بەڵام چۆن؟ جوونتربوونتان لەجوانتر بینینی جوانانە !! دڵەی بەقەد لەپەی دەستت خۆ من چاك دەزانم بەرگەی تواناوەی ئەو هەموو ڕەنگە ناگریٚ؟! تەبیبی فیرقەتی فیراقی تۆ. . هەر هەستە دەیەویٚ هەستێك لەباوەش بکات لەهی ئەو بچیٚ، هەر هەناسەیەو بەدیار هەناسەیەك هەڵدەکێشریٚ و خۆزگەی لەیەکچوونی هەناسەی وەك خۆی دەخوازیٚ بەڵام خۆزگە !! تۆ لەو دوورییە بەهەست نزیکییەت چۆن دەبینی. . ئێمە مانان؟ ئەو لێوانەی بەدیار چریکەی هەستی خرۆشاوت لەدەنگ و ئاواز و خۆش کەسێتیت تێر تەڕی لێوانیان نەمژی کە شەمەندەفەری ئەو حەزانەت چ ڕادەگرت یا زووت دەگەیاندنە وێستگە بۆ. . !؟کەچی بۆ جوان هەستیم زەکەریاچێتیم خرایە پاڵ !!

کاکە زەکەریا. . سەلیقەی زۆر و بواری گەڕەکە لە زەکەریایەك بروانم و خوێندنەوەی بۆ بکەم کە تا ئێستا نازانم لەزمانی دووان و هەستی کۆمەڵ بووم دەگا. . !! یاری و دەست لەملی سۆزی دەنگ وئاوازەکانت بم ولەهەگبەی سەفەری گەرانەوەت وێنەی قسەکانم لەچاوانت چاپ بکە، بۆ سەر مێزی زەمەنی داهاتوو لە قوژبنی ژوورەکانی غوربەتیت هەڵگرە، وەرەوە کە هاتیەوە بۆ من نا !! بۆ (سەحەری کاکە هەڤاڵ و زیلانی کچە برام و ڕۆشنای کاکە تۆفیق و تەهای پاشە بەرەی ڕۆحم (کوڕەکەم) (نەتبینم و دیلان. . چی و چی) بکە بەوانە و لە هزری ئەوانی جوانتر بکە، چۆن من نازانم چۆن دەکریٚ، بۆ من نا بۆ کچە کوردی کوردستانم ڕۆژگار بکە بە ڕۆژگارێك بابیٚ ئومێد نەبیٚ لە باوەشی دەستگیرانەکەی، پێیان بڵیٚ هاتمەوە وانەی ئەڤینی بۆ ئێوەش دەڵێمەوە. . چۆن من نازانم، ئەوە خۆتی بەتەنیایی، من و چەندانمان زەکەریا دەباتەوە بەر خەیاڵان. . دار گەر ڕەگی پتەوی نەبیٚ بە تەنها شنە بایێك دەچەمێتەوە. . ! من نازانم چۆن ئەوا ئێستا هێدی هێدی فرمێسکی هەستی مرۆیینی بە من درێژی ئەی ئەوانەی من نایان بینم چۆن دڵنەواییان دەدەیتەوە، ئەو چاوانەی شەو دەدەنە بەڕۆژ و دەست بۆ خۆزگەیەك کە خۆشەویستە درێژ دەکەن. . من نازانم چۆن هەڵوەستەیەك دەکەی. . ئایا دەیان بینی ؟

لە گەرمەی درێژەی ئەو ڕۆژەم کە پەڕاو ڕەش و سور دەکەم چەشنی گوڵا و پڕژێن پیتەکانم دەکەمە وشەو وشە بۆ دروست کردنی ڕستەیەك کۆ دەکەمەوە و بەدیار (ئاوازی کەمان و عود و سەنتور و ساز و فلوتەوە) دەریایەکی مەزنی خۆشەویستی لەهەستی خۆم دەهۆنمەوە وپلیت بۆ ئازیزانی شکۆمەند دەبەخشنەوە.

خۆزیا زێدەتر لە هەناسەی کۆچەریان نزیك بوومایە و گەڕۆکی سەر لەتکە بەرزەکان بم تا لە بەرزیا سەیری پیٚ دەشتی نزمیم بکردایە و حەسرەت بۆ هەر خۆزگەیەك بکێشم ... (ببورە بیٚ تەواوکردن نامەکەم کردە دیاری بەڵێن بیٚ بەتەواوی بۆت دەنێرم هێندەش بە دیاری هەڵبگرە جاریٚ هەر خۆم دەزانم بۆ نەکرا تەواوی بکەم) .

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.